# راگەیەندراو

سەعات ٨/١٥ دەقیقەی سەر لەبەیانی ئەمڕۆ شەممە ٢٠٠٢/٧/٢٧ ، کەریم ئەحمەد پوور ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە شاری هەولێری پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشور ، کەوتە بەر پەلامارێکی تێرۆریستی و لە ئەنجامدا دەست و پێ و سینگی پێکران. تێرۆریستەکە لە کورسی پشتەوەی ئۆتۆمۆبیلێکی بەرازیلییەوە بە کلاشینکۆف دەسرێژی لە کەریم ئەحمەد پوور کرد و بەخێرایی شوێنی رووداوەکەی بەجێهێشت.

ئێستا دوکتورەکانی نەخۆشخانەی ئیمێر جینسیی هەولێر بۆ نەجاتی گیانی ناوبراو لە حەوڵ و تێکۆشاندان. هەروەها بەرپرسانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوە و گرتنی بەرێوەبەرانی ئەم هێرشە تێرۆریستیە لە حەولدان.

بێگومان ئەمجارەش وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی پیلانرێژ و رێکخەری ئەم تێرۆرەیە. هەروەك لە ١١ ساڵی رابردوودا زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە تێکۆشەرانی حیزب و رێکخراوە بەرهەڵستکارەکانی کوردی رۆژهەلات، لەوانە ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ئاکامی کردەوە تێرۆریستییەکانی راێلکەو تاقمە تێرۆریستەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی باشور، شەهید و بریندار کراون.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان داوا لە هەموو رێکخرا و کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندەکانی بەرگریکەری مافەکانی مرۆڤ و حیزب و رێکخراوە سیاسیە کوردستانی و ئێرانییەکان دەکا، کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەم تاوانە مەحکوم و ریسوا بکەن .

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٢٧ / ٧ / ٢٠٠٢**